# غەدرێكی گەورە لە
# بابۆ سەروەت ئەنوەر سەوز دەكەن

### ئەم مرووڤە تەنها دەیەوێت لەم ولأتە وێرانەدا بخوێنێت

بانگەواز: ئاسۆ جەبار



بابۆ هیچی ناوێت، نەداوای تەلارتان لێدەكات، نەداوای كارەباو ئاوو سوتەمەنی دەكات، نەداوای ئەوە دەكات بەنزینخانەیەكی بدەنێ، نە داوای ئەوە دەكات چەند دەفتەر دۆلارێك كە بە دیاری دەیدەن بە هەندێك دۆستو ئەحبابی خۆتان، نەداوای زەوی كردووە، نەداوای سەیارەی كردووە، نەداوای پارەوپولەكانتان دەكات، هیچی ناوێ لێتان تەنها دەیەوێت بخوێنێت، رازییە بەم ولأتە بێ ساحەبە، رازییە بەم وێرانەیە كە ناوی ژیانە، رازییە بەبێ كارەبایی‌و بەبێ ژیانێكی ئاسودە تەنها دەیەوێت بخوێنێت، بەلأم دیارە ئێوەی دەسەلأتی بێباك‌و كەمتەرخەم‌و بێ هیواو بێ خەون‌و بێ پرۆژەو بێ بەرنامە گرنگ نییە بەلاتانەوە كێ دەیەوێت بژی‌و كێ دەیەوێت وەك مرۆڤ مافی خوێندنی هەبێت.

بابۆ خوازیار بوو رۆژێك لە رۆژان لەبواری هونەردا بخوێنێت، هەرچەند ئەم كورە پاش مەرگی ناوادەی ئەو باوكە روح جوانەی‌و سەرباری باری قورسی ژیانی‌و بەخێوكردنی دیەی خوشكی‌و زامۆی برای، خۆی ئامادەكرد بۆ تاقیكردنەوەی خاریجی‌و هەرچۆنێك بوو دەرچوو، بەلأم بەداخەوە هیچ شوێنێك وەرینەگرت، لە پەیمانگەی هونەرە جوانەكان فۆرمەكەیان دەرهێنابوو، بۆئەوەی بابۆ نەچێتە لیستی ئەوانەی كە چاوپێكەوتنیان لەگەلّ دەكرێت، بەداخێكی زۆرەوە بابۆ زۆر لەوە بەتواناترە كە چاوپێكەوتنی لەگەلّدا نەكرێت، دواتر بەناچاری فۆرمی پەیمانگەی كۆمپیوتەری سلێمانی وەرگرت، ئەوانیش غەدریان لێكردو نەیانخستە نێو لیستی ئەوانەی كە دەبێت تێست بكرێن، لەكاتێكدا بابۆ چەند ساڵێك هەر مامۆستای كۆپیوتەر بووە، هاوكات شارەزای زۆرێك لەبەرنامەكانی كۆمپیوتەرە وەك بەرنامە بنەڕەتییەكانی وەك: ( PowerPoint, Photoshop , Word, Exile ،adobe edition )

هەروەها شارەزاییەكی زۆرباشی هەیە لە بەرنامە دابەزاندن‌و فۆرمات‌و دیزایندا، بەلأم غەدرێكی گەورەیان لێكردو نەیانهێشت وەك مرۆڤێك كە تامەزرۆی ئەوەیە بخوێنێت‌و خزمەت بكات.

ئازیزان ئەم حكومەت‌و دەسەلأتە زۆر غەدریان لە سەروەت ئەنوەر سەوزی باوكی بابۆ كرد تا چاوی لێكنا كرێچی بوو، كەسێك لای لێنەكردەوە وەك هونەرمەندێكی شێوەكار یارمەتی بدەن‌و شتێك لە قورسایی ژیانی لەكۆڵ بكەنەوە، خەریبوو تابلۆكانی دەرزاو كۆڕاسێكیان بۆ دروستنەكرد.

ئەم بانگەوازە بۆ هەموو ئەو مرۆڤدۆست‌و كەسە ئازیزانەیە كە هەست بەو غەدرە ناشرینە دەكەن كە بەرامبەر بابۆ كراوەو بەرامبەر زۆرێك لەو گەنجانەی كوردستان دەكرێت كە دەیانەوێت وەك ئینسان بژین‌و بخوێنن، بەلأم دەرفەتیان نادرێ‌و بێهیوا دەكرێن، هیوادارم بەهەمومان فشارێك دروستبكەین بۆ ئەوەی بابۆ لە یەكێك پەیمانگاكان وەربگیرێت‌و بخوێنێت.